# تەنکترین لاپتۆپی جیهان

لاپتۆپ کارئاسانییەکی زۆری بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دەکات و جا ئەگەر لاپتۆپەکە دوو کار پێکەوە ئەنجام بدات ئەوە گرنگییەکەی زیاترە. ماوەیەکە لاپتۆپە هایبریدەکان واتە ئەوانەی هەم دەبن بە تەبلێت و هەم لاپتۆپ سەرنجی بەکارهێنەرانی راکێشاوە. کۆمپانیای ئەیسۆس رایدەگەیەنێ کە تەنکترین لاپتۆپی هایبریدی بەرهەم هێناوە، لاپتۆپێك کە ٢٠٪ تەنکترە لە «ماك بوك» و ٥٥٪ تەنکترە لە «ماك بوك ئەیەر» و کێشەکەی تەنیا یەك کیلۆیە. لاپتۆپی جۆری Zenbook Flip S 360 پلە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و سیستەمی پەنجەمۆری هەیە. هاردی ناوخۆی جۆری SSDیە و یەك ترابایتە، رامەکەی ١٦ گێگابایتە، باترییەکەی هەتا ١٢ کاتژمێر دانابەزێت لە ماوەیەکی کەمدا شەحن دەبێتەوە.




# ئامێرێک بۆ بەهێزکردنی شەپۆلی وای-فای

مۆدێمەکان دەتوانن شەپۆلی وای-فای بڵاو بکەنەوە، بەڵام توانای و کارکردیان جیاوازە، مۆدێمە وایەرلەسەکان شەپۆلەکان بەشێوەی یەکسان بڵاوناکەنەوە و ئەو شوێنانەی بەربەستیان بۆ دێتە پێش شەپۆلی وای-فایان ناگاتێ.

ئەگەر لە ماڵێکی مەزندا یان لە ئیدارەیەکی گەورەدا بژی و هێڵی ئینتەرنێت هەبێ ئەو شوێنانەی لە مۆدێم دوورن بە گوێرەی پێویست شەپۆلی وای-فایان ناگاتێ. گەلێك ئامێر بەرهەم هاتوون بۆ بەهێزکردنی شەپۆلی وای- فای یەکێك لەو ئامێرانە (Wi-Fi ex-tender)ە.

ئامێرەکە لەسەر دیوار دادەنرێ و دەتوانێت ٣٠٠ میگابیت لە چرکەدا شەپۆلی وای-فای بڵاوبکاتەوە. ئامێرەکە گلۆپێکی بازنەیی هەیە بەهۆی ئەوە دەزاندرێ کام بەشی شەپۆلەکەی بۆ دەچێت. ئامێرەکە بەهۆی کێبڵێکەوە بە مۆدێمەکە دەبەسترێتەوە. بە ئاسانیش لەگەڵ مۆدێمەکە دەبەسترێتەوە.

# بەرهەمێکی نوێ لە جیهانی دیجیتالیدا

تەبلێت و لاپتۆپ و کۆمپیوتەر و مۆبایل راستە گرنگی خۆیان هەیە بەڵام بۆ ئەوانەی کە فێربوونە کارو ئەرکەکانیان لەسەر کاغەز راپەڕێنن رەنگە ئەو چێژەی نەبێت، زۆر کەس حەز دەکات لەسەر کاغەز بخوێنێتەوە و بنووسێت، بۆیە کۆمپانیایەک تەبلێتی جۆری remarkable بەرهەم هێنا. ئامێرێك کە لەکاتی بەدەستەوە گرتن و کارکردندا هەست بەوەی دەکەی کە کتێبێکی یان دەفتەرێکی واقعیت بەدەستەوە گرتووە. تەبلێتەکە بۆ دروستکردنەکەی هاوکاری لە کۆمپانیای E lnk وەر گیراوە، کۆمپانیایەك کە لە بەرهەمهێنانی حیبری ئەلکترۆنیدا لە پێشەنگدایە.

تەبلێتەکە وەك کتێبخوێنەکان نییە، تەنیا بۆ موتالا بێت، بەڵکو دەتوانی بەهۆیـەوە بخوێنیـەوە، بنووسی و وێنە بکێشیەوە. تەبلێتەکە قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵە، قەڵەمەکە نەرمە و بە ئاسانی لەسەر تەبلێتەکە کاری پێدەکرێ. دەتوانی لەگەڵ ئەوەیدا کە کتێبێك دەخوێنیەوە، پەراوێزیشی لەسەر بنووسی و یا روونکردنەوە لە سەر هەندێك جێگا بدەی، تەبلێتی ناوبراو هەتا هەفتەیەك شەحنی دانابەزێت، لەهەمووی گرنگتر تەبلێتەکە دەستخەت دەناسێ و دەیکات دەتوانی هەر بە قەڵەمەکە یادداشتی رۆژانە لەسەر تەبلێتەکە بنووسی.



# سامسۆنگ شاشە گرنگە چەماوەکەی خستەڕوو

شاشەی جۆری CHG90 شاشەیەکی چەماوەی ٤٩ ئینجیە و زۆر پانە و بەقەد ٣ شاشەی ٤٩ ئینجی دەبێت، شاشەکە تایبەتە بە یارییە گرنگەکان و هەروەها دیزاینەر و نەخشەسازان. هەروەك سامسۆنگ رادەگەیەنێ ئەوە بەرینترین شاشەیە لە جیهاندا. شاشەکە وەك باڵندەیەکی زۆر گەورە دەچێت کە بۆ خۆراك لەبەرزیەوە نیشتۆتەوە. لەیەکەم نیگادا هەست بەوە ناکەی کە شاشەی کۆمپیوتەرە، بەڵکو وا هەست دەکەی تیڤیەکی گەورەی چەماوەیە.

ئەوانەی کاری کۆمپیوتەر دەکەن بەتایبەت دیزاینەرەکان لە گرنگی کاری شاشەی مەزن دەگەن، لەو شاشەیەدا ئەگەر فایلێکی ئیکسێل بکەیەوە دەتوانیێ هەموو ستونەکە ببینی، ئەگەرچی لە شاشەی دیکەدا وا نییە. خێرایی شاشەکە گەلێك لەسەرێیە و بۆیە لەکاتی یارییە قورسە ئەلکترۆنییەکاندا هیچ کێشەت نایێت.

شاشەکە لە یەك کاتدا دەتوانی بیکەی بە ٦ پەنجەرەی جیا، واتە شەش پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە.



# نیکۆن و کامێرای فۆر کەی

کۆمپانیای ژاپۆنی نیکۆن کامێرایەکی لە زنجیرەی Coolpix بەناوی W300 بەرهەم هێناوە، کامێراکە بچووکە بەڵام فیلم و وێنە بە کوالیتی K4 هەڵدەگرێتەوە.. لە قوڵایی ئاویشدا واتە لەکاتی مەلەکردنیش دەتوانی وێنە هەڵبگریەوە، بە بەرکەوتن و بەربوونەوەش تێکناچێت و لە ئاست گەرما و سەرما و تۆز و خۆڵیشدا خۆراگرە... هەرچەندە عەدەسەکەی ١٦ مێگاپیکسلە، بەڵام توانای زومی پێنج بەرامبەری خۆی هەیە. بە وای-فایەوە پەیوەند دەدرێت، سیستەمی GPSی لەگەڵە، فلاشێکی زۆری بەهێزی هەیە. سێ ڕەنگی نارنجی، زەرد و ڕەشی هەیە.

## ڕکابەرێکی نوێ بۆ گوگل هۆم و ئامازۆن ئیکۆ

سپیکەرە هۆشمەندەکانی گوگل هۆم و ئامازۆن ئیکۆ گۆڕانکارییەکی نوێ بوو لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا، ئەو بڵندگۆیانەی لە فەرمانەکانی بەکارهێنەرەکانیان دەگەن و دەستبەجێ وەڵامیان دەدەنەوە.. لەم دواییەدا ڕکابەرێکی جیدی بۆ ئەوانە هاتە گۆڕێ، ئەویش (Essential Home) سپیکەرێك کە جگە لە ئەرکی ئامازۆن ئیکۆ و گوگل هۆم چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات.

بەو فەرمانە دەنگیانەی بەکارهێنەرکەی پێی دەکات زانیاری لە ئینتەرنێت وەردەگرێ و مۆسیقی و هەواڵە نوێیەکان بڵاو دەکاتەوە و ئامێرە هۆشمەندەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ دەکات. تایبەتمەندییەکی دیکەی سپیکەری ناوبراو ئەوەیە کە شاشەیەکی لەمسی هەیە، نە تەنیا بە دەنگ بەڵکو بە سەیرکردنیش دەتوانی فەرمانی بە سپیکەرەکە بکەی. نەخشەی ناوچەی بەکارهێنەرەکەی لەخۆیدا بە شێوەی ئۆنلاین تۆمار کردووە و ئەگەر پێی بڵێی بە فلانە شەقامدا بڕۆم ڕێگا چۆنە دەستبەجێ وەڵام دەداتەوە کە چۆلە یان قەرەباڵغە.

سپیکەرەکە هۆشمەندەکە وردە وردە شارەزای خوو و کرداری بەکارهێنەرەکەی دەبێت و بۆ نموونە کە چوو بۆ دەرەوە پێی دەڵێت چراکانت کوژاندوونەتەوە، یان سپلێتەکە بکوژێنەوە و جا بچۆ دەرێ... ئەمە و چەندین فەرمانی دیکە کە بە مەودای تێپەڕینی زەمان شارەزای دەبێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەڕێزێك دەپرسێت لەسەر مۆبایلەکەم بەردەوام پرۆگرامەکان نوێ دەبنەوە واتە ئاپدیت دەبنەوە، چونکە ئینتەرنێتەکەم هی سیمکارتەکەمە بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا تەواو دەبێت چ بکەم بۆ بەرگری لە ئاپدیتی ئۆتۆماتیکی پرۆگرامەکان؟**

خوێنەری بەڕێز سەرەتا بچو گوگل پلەی play store بکەوە پاشان بچو سەر بەشی Options و دواتر Settings و دوای ئەوە فەرمانی Auto-update apps هەڵبژێرە و دواتریش ئەو فەرمانە لێبدە Do not auto-update apps. ئەوکاتە دەتوانی تەنیا ئەوکاتەی بە سیمکارت لەسەر هێڵی ئینتەرنێتی پرۆگرامەکان ئاپدیت نەبنەوە یان هیچ کات ئاپدیت نەبنەوە، یان ئەوکاتەی وای-فایت هەیە و ئینتەرنێتەکەت بێبەرامبەرە ئاپدیت بنەوە..





# پرۆگرامێکی تایبەت بە سکان کردن

سکان «scan» بەو کردارە دەگوترێت کە دەق و دۆکیۆمێنتەکان لەسەر کاغەزەوە دەخەیە ناو کۆمپیوتەر و دەیکەی بە دیجیتالی، هاوشێوەی کۆپی کردنە، بەڵام بەو جیاوازییە کە بابەتە سکانکراوەکە دەتوانرێت دەستکاری بکرێت..

چەند پرۆگرامێك هەن کە تایبەتن بە سکان کردن و ئەرکی سکان ئاسانتر دەکەنەوە، یەکێك لەو پرۆگرامانە PaperScanە. بەهۆیەوە دەتوانرێت بە باشترین کوالیتی وێنە و بەڵگەکان بە گشت جۆرە سکاینەرێك سکان بکەی. لەگەڵ هەردوو ستاندەری TWAIN و WIA دەگونجێت.

هەروەها سیستەمی OCR تێدایە واتە دەرخستنی دەق لەسەر وێنەکان یان نووسراوی سەر بەڵگەکان جارێکی دیکە بکەیەوە بە دەق.

پرۆگرامەکە توانای ئەوەی هەیە لاپەڕە سکان کراوەکان جیا بکاتەوە و هەروەها دەکرێت بەروپشتی لاپەڕەیەك سکان بکات، گۆڕانکاری و دەستکاری بابەتە سکانکراوەکە دەکرێت، هەروەها بە ئاسانی دەیانکاتە فۆرماتی PDF. دەتوانی لە بەڵگەیەکدا تەنیا بەشێك زوم بکەی و سکانی بکەی، چەندین تایبەتمەندی دیکەشی هەیە کە لەکاتی کارکردندا بۆتان دەردەکەوێت.







## سایتێک نیگارکێشان فێری منداڵان دەکات

سایت و پرۆگرام و ئەپلکەیشنی جۆراوجۆر هەن بۆ فێرکردنی نیگارکێشان و راهێنان و فێرکردنی منداڵان بە نیگارکێشان و هونەرەکانی دیکە.. یەکێك لەم سایتانە سایتیautodraw.com لەم سایتەدا هیچ پێویستت بەوە نییە شارەزاییەکی تەواوت هەبێ لە نیگارکێشان، لاپەڕەیەکی سپی دەکرێتەوە منداڵەکە هەر ئەوەندە پێویستە هێڵ هێڵ جا راستە هێڵ یان هێڵی خواروخیچ و چەماوە و بەگشتی هەرچی لە زەینیدا بیکێشتەوە، سایتەکە بە هاوکاری زەینی دەستکردی گوگل بە منداڵەکە دەڵێت کە مەبەستت لەو هێڵە ئەو وێنەیەی سەرەوە کە دەستنیشانی دەکات و دەیان هاوشێوەی وێنەی مەبەستەکە لەسەرەوە دێنێت بەکارهێنەر لەناو ئەو دەیان وێنەیەدا ئەوەی مەبەستیەتی دەیدۆزێتەوە..